# بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی مەخموور چارەسەر بکرێت پێویستە وەکو بەشێک لەسنووری پارێزگای هەولێر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

- تەنیا ٢ کاتژمێر کارەبا هەیە
- ئاوەکە تامی نەوتاوییەو زۆربەی جاریش قوڕاوییە
- زۆر لە گوندەکان قوتابخانەیان نییە
- هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری جێبەجێ نەکراوە
- ماستەرپلان نییەو کێشەی کوژاندنەوەی زەوی هەیە







مەخموور قەزایەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە، بەڵام بە بڕیارێکی بەعس لکێنرا بە پارێزگای موسڵەوە. ئەم قەزایە ناحیەکانی (گوێڕو کەندێناوەو قەراج و ١٩٩گوند) لەخۆ دەگرێت، هەندێ لەو گوندانە هەر لە ساڵانی حەفتاکان لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری چۆڵکراوە و تا ئێستاش ئاوەدان نەکراونەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بە ١٨٤هەزار کەس دادەنرێت کە (٨٠٪)ی کوردو (٢٠٪) ی عەرەبە، ناوچەی مەخموور جگە لەوەی بە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەند بەنەوت و کانزای تر دادەنرێت، بەتایبەتی لەچیای (قەرەچوغ) دا، هاوکات بە دەشتێکی یەك ملیۆن دۆنمی بەپیتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریش دادەنرێت. ئێستاکە ئەم ناوچەیە بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستوور مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەگەڵ ئەمەش دا لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە سەرپەرشتی ئیداریی دەکرێت و چەند پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێ کراوە. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای مەخموورمان کرد و چەند گەڕەکێکی ناو سەنتەری قەزاکەمان بەسەرکردەوە لەوانە (کوردستان و قەڵات و بندیان و شەهیدان و سەرای ) لەم گەڕەکانەو لە بازاڕی سەنتەری قەزاکە لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاری و ڕەخنەی هاووڵاتییان بووین، خەڵکی بەگشتی ڕەخنە و گلەیی گەورەیان هەبوو، حکومەتی هەرێمیان بە کەمتەرخەم دانا لەبەرامبەر تەرخان نەکردنی بودجەیەکی گەورە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان، چونکە لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە بەتەواوەتی ناوچەکەیان فەرامۆشکراوە، هەر بۆیە دیاردەی کۆچی پێچەوانە لەمەخموورەوە بۆ شاری هەولێر دەستی پێکردۆتەوە، ئەمەش نەك تەنیا زیانی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەبێت، بەڵکو مەترسی سیاسیشی لێدەکەوێتەوە لەناوچەیەکدا کە هێشتا بەتەواوەتی کێشەی گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان یەکلانەبۆتەوە. لێرەدا بەشێك لەو داواکاری و ڕەخنەو گلەییانەی خەڵکی لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.





## هاووڵاتیانی مەخموور چاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوەی زیاتری حکومەتی هەرێمن

لە گەڕەکی قەڵات چاومان بەچەند هاووڵاتییەك کەوت کە ئاماژەیان بەگرفتی سەرەکی قەزاکەیان دەکـــرد بەتایبەتی گرفتی کارەبـــا کە تەنیا ٥٥ کیلۆمەتـــر لەهەولێـــرەوە دوورە، کەچی تەنیا ٢ کاتژمێر کارەبای نیشـــتمانیان هەیە، لەمبارەیەوە هاووڵاتـــی نـــەوزاد ئیبراهیم وتی: (کێشـــەی ســـەرەکی لەم گەڕەکەو هەموو قەزاکە نەبوون و کەمی کارەبایـــە، ماوەی کارەباکە ئەگەر هەبێت تەنیـــا ١بۆ٢کاتژمێرە، ئەمـــەش لەبەر ئەوەیە تا ئێســـتاکە تۆڕی کارەبای قەزای مەخموور سەر بە پارێزگای موسڵە، لەوێش ڕەوشی کارەبا باش نییە و نەبوونی کارەباش کاریکردۆتە سەر خوێندن و ئاویخواردنەوەو ژیانمان بەگشتی). هەربۆیە ئەم هاووڵاتییە داوای خێرا جێبەجێکردنی ڕاکێشانی تۆڕی کارەبای نیشـــتمانی بۆ قەزاکەیان دەکرد. لە گەڕەکی کوردســـتانیش سەلمە عەبدولحەمید کە گرفتی قوتابخانەیان هەبوو وتی: (کێشـــەی نەبوونی قوتابخانەمـــان هەیە بەتایبەتی دووری قوتابخانـــەی دواناوەندی کە زۆر لە ئێمە دوورە، چونکە ئەو قوتابخانەیە بەم دواییانە دروستکراوە و کەوتۆتـــە ســـەرەتای ئەو شـــەقامەی کە لە هەولێرەوە دێتە ناو مەخموور و ئەم دووریەش بۆتە هۆکاری ماندووبوونی قوتابییەکان لە هاتوچۆکردن و بارگرانیەکی قورسیشـــە لەسەر ئەو خێزانانەی ئۆتۆمبێلیـــان بـــۆ هاتوچـــۆی قوتابییەکانیان گرتووە..)، هاوکات ئەم خانمە ئاماژەی بەبوونی چەند گرفتێکی تریش کرد کە بێ چارەسەرکردن ماونەتـــەوە لەوانـــە نەبوونی پزیشـــکی بەتواناو داودەرمـــان لەو تەنیا بنکە تەندروســـتییەی کە لەقەزاکەدا بوونی هەیـــە، هەروەها خراپی ئاوی خواردنەوەیـــان بەڕادەیەکە کـــە ئاوەکەیان بۆنی ناخۆشـــەو تامی نەوتاوییـــەو زۆربەی جاریش قوڕاوییە. لە گەڕەکی شـــەهیدانیش ئافرەتێك بە ناوی خالیسە شەریف وتی: سێ ڕۆژ جارێك ئاومان دێتەوە، کە زیاتر بۆ نەبوونی کارەبا دەگەڕێتەوە، چونکـــە لەو کاتـــەی ئاومان بـــۆ بەردەدرێتەوە کارەبـــا نییە تاوەکو ئاوەکـــە بگاتە ماڵەکان، ئەو ماڵانەی مۆلیدەی خۆیـــان هەبێت دەتوانن ئاو بـــۆ خۆیان ڕابکێشـــن، بەڵام هەمـــوو خێزانێك توانای کڕینـــی مۆلیدەی نییە. لەلایەکی ترەوە بوونی کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان بەئاشکرا درکـــی پێ دەکرێت، لەم ڕووەوە هاووڵاتی عەلی ئەســـعەد وتی: (کەموکـــوڕی خزمەتگوزاریمان یەکجار زۆرە بەتایبەتی لە کەمی و نەبوونی ئاو و ئاوەڕۆ و بێسەروبەری شـــەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکان و ســـەنتەری شـــارۆچکەکە کە بەڕادەیەکە زبڵوخاشاکیش بەباشی پاك ناکرێتەوە)، هەر لەمبارەیەوە هاووڵاتی هەرێم عوسمان وتی: (شـــارەوانی بە باشـــی و بەپێی پێویست ئەرك و کارەکانـــی ڕاناپەڕێنێت و ئەو کرێکارانەی کاری پاککردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاکی ناو گەڕەك و قەزاکە دەکەن گرێبەستن و موچەکانیان کەمە کە لە نێوان ٢٠٠بۆ ٢٥٠هەزار دینارە). ئەم گرفتانە تەنیا ناو ســـەنتەری مەخمـــووری نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەناحیـــەو گوندەکانیـــش هەمان گرفت بوونیان هەیە، سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزاری لە ناحیەو گوندەکانی ســـەر بەم قەزایە ڕۆستەم قـــادر وتی: لە ســـنووری قـــەزای مەخموورو ناحیەکانی هەندێ گوند هەیە تا ئێســـتا ئاوەدان نەکراونەتـــەوە یا ئاوەدانەو خەڵکەکەی بۆ شـــار کۆچ دەکاتەوە، لەبـــەر ئەوەی پڕۆژەکانی ئاوی خواردنـــەوەو ئاودێرییان بۆ نەکراوە، لە لایەکی تر چەندیـــن گوند لەمانە قوتابخانەی بۆ نەکراوە یا بینایەو میلاکاتی مامۆســـتای بەپێی پێویست نییە و ڕێگاوبانەکانیشیان بۆ چاك نەکراونەتەوە، هەمـــوو ئەوانەش وایکـــرد ئومێدی خەڵکەکە بە گوندەکانیـــان نەمێنێت، نموونـــەش بۆ ئەو جۆرە گوندانە وەکو گوندی عەنکاوەو گەڕەســـۆر کە بێ خزمەتگوزاریـــن. هاووڵاتییەکی تر بە ناوی سۆران کە فەرمانبەر بوو لە پەروەردەی مەخموور وتی: (بینای قوتابخانە و میلاکاتی مامۆســـتا کەمە، ســـەرەڕای ئەوەش کاتێك لـــە هەولێرەوە مامۆستامان بۆ دادەمەزرێنن پاش ماوەیەکی بە هێنانی چەندین جۆرە پشتگیری و واسیتە خۆیان دەگوازنەوە بۆ شار یا نزیك هەولێر، ئەمەش جگە لەوەی کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی خوێندن لەناوچەکەماندا دروســـتکردووە و بۆتە جێگای ناڕەزای و گلەیی قوتابیان و خەڵکەکەش)، هەر سەبارەت بە گرفتی قوتابخانەکان لە سێ قوتابی دواناوەندیمان پرسی یەکێك لەو قوتابییانە بە ناوی ئازاد بەکر وتی: (جگە لەکێشەی بینایەو نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ گرفتی یاریگای وەرزشیمان هەیە ئەوەتا ئەو یاریگا ١١کەســـییەی کە ئێستا هەمانە، خۆڵە و فریز و شوێنی دانیشتنی نییە، هەروەها ســـەنتەر و شوێنی لاوان ئەوەی هەشبوو داخراوە نازانین هۆکارەکەی چییە، ئەم قوتابیانە خەمی تەواوکردنی قۆناغـــی دواناوەندییان بوو بەوەی لـــەدوای ئەم قۆناغە پەیمانگاو زانکۆ لە قەزاکەیان نییە هەر بۆیە داواکاری ســـەرەکییان کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگایەك بوو، بەتایبەتی لەکاتێکدا ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی دەرچووانی قۆناغی ئامادەیی لـــە زیادبووندایە). هەروەها هاووڵاتـــی هیوا مەجید وتـــی: کەموکوڕی لە قەزای مەخموور و ســـنوورەکەی یەکجار زۆرە و زۆر پـــڕۆژەو بەڵێنیان داوە جێبەجێ بکەن، بەڵام تا ئێســـتا هیچ لەو کارو ئیش و پڕۆژانە نابینین و جێبەجێیان نەکردوون بەتایبەتی پڕۆژە ئاودێریی کە بڕیاربوو بۆمان دروســـت بکرێـــت، هەروەها پڕۆژەی ئاویخواردنەوە.





ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموور بۆ گوڵان:

# خەڵكی بێبەشن لە پێشینەو قەرزی خانووبەرەو هاوسەرگیریی و كشتوكاڵی

**داواكاری و گلەیی هاووڵاتییانی قەزای مەخموورو چەندین گرفت و كەموكوڕی تری خزمەتگوزاریمان ئاراستەی ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموور كرد كە پوختەی وەڵامەكانی لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.**

**٥٠٠مامەڵەی موچەی كەمئەندامان جێبەجێ نەكراوە**

سەبارەت بەوەی كە مەخموور لە نێوان ئیدارەی موسڵ و هەولێردایە و لە لایەن خەڵكی سنوورەكە لەبەر كەمی كارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری گلەییەكی زۆر هەیە، قایمقامی قەزای مەخموور وتی: بەشێك لەو كێشەو كەموكوڕیانەی كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە كاروباری هاووڵاتییانەوە هەیە لە ١٠٠٪ بۆ دوو ئیدارەیی قەزاكە دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە كاتێكدا بە بڕیارێكی كاتی قەزای مەخموورو سنوورەكەی خرایە سەر پارێزگای موسڵ، بەڵام ناسنامەی هاووڵاتییان و تاپۆ و موڵكیەتی خانووبەرە هەر بە ناوی هەولێر- مەخموور مایەوە، بەم هۆیەشەوە لە موسڵ نە خانوو نە ئۆتۆمبێل نە هیچ موڵكێك بە ناوی دانیشتوان و خەڵكی قەزای مەخموورو سنوورەكەی ناكرێت و بێبەشن لە پێشینە و قەرزی خانووبەرەو هاوسەرگیری و كشتوكاڵی، لە لایەكی تریش كێشەی ئەو خەڵكەی قەزای مەخموور كە خراوەتە سەر موسڵ و ئەوانەی بەپێی مادەی ١٤٠ مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت و كارتی زانیاریان لەسەر موسڵە ئەوە لە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش كاریان بۆ جێبەجێ نابێت و پێشینەی خانووبەرەش نایانگرێتەوە و پێشینەو و قەرزی هاوسەرگیری و كشتوكاڵیش لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە بۆ هاووڵاتییانی ئەو سنوورە بە مەرج و ڕێنمایی دیاریكراوە، هەندێك لە وەزارەت و فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێمیش بە دڵسۆزی و جددی كار بۆ خەڵكی ئەو دەڤەرە ناكەن هەر بۆ نموونە ٥٠٠مامەڵەی موچەی كەمئەندامانی قەزای مەخموور لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی ڕاگیراوە و بۆ خەڵكەكەی جێبەجێیان نەكردووە . بۆ ئەوەی ئیش و كارەكانی قەزاكەمان كاراترو باشتر بەڕێوەبچێت پێویستە ئەو پێشینەو قەرزانە وەكو هاووڵاتییانی تری هەرێم خەڵكی مەخموورو سنوورەكەشی لێی سوودمەندبن بۆ ئەمەش نووسراوێكمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی كوردستان بەرزكردۆتەوە .

**پڕۆژەی دووسایدی هەولێر- مەخموور**

سەبارەت بە پڕۆژەی ڕێگای سەرەكی نێوان هەولێر- مەخموور كە چەند ڕۆژێكە كاری تێدا ڕاوەستاوە، قایمقامی قەزای مەخموور وتی: پڕۆژەی دوو سایدی هەولێر- مەخموور ئێستا ئیشی تێدا دەكرێت و قۆناغی باشی بڕیووە، بەڵام درێژی ئەو ڕێگایە زۆرە بۆیە ماوەی دەوێت، جگە لەوەی ئەو ماوەیە لەبەر باران بارین كاری تێدا نەكراوە، چونكە باران و ساردی كەش و هەوا كاریگەری خراپی لەسەر كوالێتی ڕێگاكە دەبێت، بۆیە لەم كاتانەدا دەبێت كاركردن لەم جۆرە پڕۆژانە بۆ چەند ڕۆژێك ڕابووەستێت، بەڵام بە تەئكید پڕۆژەكە لە كاتی خۆی تەواو دەبێت.

**كێشەی كوژاندنەوەی زەوی هەیە**

سەبارەت بە كێشەو گرفتی كوژاندنەوەی زەوی و نەبوونی ماستەرپلان، قایمقامی قەزای مەخموور وتی: كوژاندنەوەی زەوی لە قەزای مەخموور بە یەكێك لە كێشە سەرەكی و یاساییەكان دادەنرێت نەك تەنیا بۆ بەڕێوەچوونی كاروباری هاووڵاتییان بەڵكو كاروباری ئێمەش وەكو ئیدارە كێشەی زۆرە، ئێستا دەمانەوێت زەوی بەسەر خەڵك دابەش بكەین، بەڵام ناتوانین ئەو كارە بكەین، چونكە لە ساڵانی هەشتاكان لە زۆربەی سنووری شارەوانییەكانی گوێڕو دیبەگەو مەخموور زەوی و موڵكی هاووڵاتییان بەتایبەتی هی كوردەكان كوژاندنەوەی بۆ كراوە لە بەرژەوەندی شارەوانی و بە ناوی وەزارەتی دارایی كراوە بەبێ ئەوەی قەرەبووی خاوەنەكانیان بكرێتەوە، ئەو حاڵەتانە ئێستاكە كێشە و گرفتی بۆ ئێمە دروست كردووە، بەڵام ئێستا ئێمە لە هەوڵی جددی داین ئەو كێشەیە لەگەڵ حكومەت و لایەنی پێوەندار بە هاوكاری یەكتر لە پێناو بەرژەوەندی خەڵكەكە چارەسەری بكەین، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ وەزارەتی شارەوانی نەخشەی بنەڕەتی شارۆچكەی گوێڕو دیبەگەو قەراج و مەخمووریان سەر لە نوێ بۆ دارشتینەوە و ئێمە لەسەر ئەو نەخشەی بنەڕەتییە كارو ئیشەكانمان دەكەین، بەڵام هێشتا ماستەرپلانی شارۆچكەی مەخموور دروست نەكراوە.

> **شارەوانی بەپێی پێویست ئەرك و كارەكانی ڕاناپەڕێنێت**

**كەموكوڕیەكان بەو بودجە كەمە چارەسەر ناكرێن**

سەبارەت بەوەی كە پێویستی زیاتریان بە هاوكاری ماددی و بودجە لە لایەن شارەوانییەوە هەیە بۆ ئەوەی جوانكاری و پاكوخاوێنی شارۆچكەكە باشتر ئەنجام بدرێت، قایمقامی قەزای مەخموور وتی: بۆ باشتركردن و چارەسەركردنی گرفتە خزمەتگوزارییەكانی قەزای مەخموور و سنوورەكە پێویستیمان بە بودجەی زیاتر هەیە بەتایبەتی بودجەی شارەوانی، ئێستاكە ئێمە لە گفتوگۆداین بۆ پڕۆژەكانی ئاو و كارەباو شارەوانی و قوتابخانەو پڕۆژە سەرەكی و پێویستییەكانی قەزاكە، بەرنامەیەكمان لەبەر دەستدایە بۆ چەند پڕۆژەیەكی گەورەو ستراتیژی بۆ قەزاكەو سنوورەكە، بۆ ئەو پڕۆژانەش هەر چۆنێك بێت دەبێت سەرچاوەی دابینكردنی بودجەی بۆ پەیدا بكرێت و ئەو كەموكوڕی و پێداویستییانەی دەستنیشانمانكردووە یەكجار زۆرە، تەنیا لە ناو سەنتەری قەزای مەخموور زیاتر لە ١٦بینایەی فەرمانگەی حكومیمان پێویستە و كێشەی كەمی میلاكاتی فەرمانبەر



هەیە، لە ساڵی ٢٠١١دا ئەولەویەتی کارەکانمان ئـاو و کارەبا بـوو، دەتوانم بڵێم لـەم ڕووەوە ئێستاکە هێڵێکی کارەبای٣٣کـەی ڤی بۆ مەخموور دێت و لە پاشان هێڵێکی ١٣٢کەی ڤی لە هەولێرەوە بۆ مەخموور ڕادەکێشن و ئەو پرۆژەیەش ئامادەیە بۆ ئیحالەکردن، کارەبا یەکێکە لەو کێشە حاشا هەڵنەگرانەی کە خەڵکەکەی بێزارکردووە، چونکە لە ڕێگای ئەو کارەبایەی لە موسڵەوە بۆمان دێت و ڕۆژانە تەنیا یەك تا دوو کاتژمێر کارەبا دەتوانین بە هاووڵاتییان بدەین، سەبارەت بە پرۆژەی ئاوەکەش کە زۆر پێویستە تەندەرەکەی لە ئیحالەکردندایە، هەروەها لە لایەکی تر ئەو ئامێر و ئۆتۆمبێلانەی کە شارەوانی هەیەتی هەر هەمووی کۆنەو هی پێش ئازادی عیراقە و هەر هەمووشی ڕووسین و کاتێك تێکدەچن زۆر درەنگ و بە تێچووەکی زۆر چاك دەکرێنەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر گفتوگۆمان کردووە و بەڵێنی پێداوین ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن.

## پرۆژەی ئاودێری

سەبارەت بە نەبوونی پرۆژەی ئاودێری لە سنوورەکەدا قایمقامی قەزای مەخموور وتی: پرۆژەی ئاودێری گرنگترین داواکاری خەڵکی قەزای مەخموور و ناحیەی قەراجە، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین هەر هەموو کارو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان ئەنجام بدەین، بەڵام ئەگەر داهات و بژێوی خەڵکەکە باشتر و زیاتر نەکرێت ئەوە نە خەڵك و نە ئێمە سوود لەو خزمەتگوزارییانە وەرناگرین و گوندەکانیش بە تەواوی ئاوەدان نابنەوە، ئێستاش خەڵك هەیە بۆ شار کۆچ دەکەنەوە، هەر بۆیە لە ٢٠١١/١١/٢٤ کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای مەخمووری کرد گرنگترین کێشەو داواکاری کە لە لایەن خەڵکی مەخموور باسکراو خراپەڕوو، کێشەی نەبوونی پرۆژەی ئاودێری بوو لە سنوورەکە، بەخۆشحاڵییەوە جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەمری فەرموو کە ئەمساڵ کار لەسەر ئەو داواکارییەی خەڵکی ناوچەکە بکرێت و ئێستاکە لە ٢٠١٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئامادەکردنی نەخشەو دیزاینی پرۆژەکە بڕی ٢ ملیار دیناری تەرخانکردووە و ئەمساڵیش نەبێت ساڵی داهاتوو دەبێت ئەو پرۆژەی ئاودێرییە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئەم پرۆژەیە بۆ سنوورەکە زۆر سوودی هەیە، بە هۆی پرۆژەی ئاودێرییەوە دەتوانرێت کارو ئیش و بەرهەمی کشتوکاڵی باش و بەردەوام لەم سنوورە بەرهەم بێت .

**لە ناو سەنتەری قەزای مەخموور زیاتر لە ١٦بینایەی فەرمانگەی حکومی پێویستە**

## کێشەی بینایەی قوتابخانەو میلاکات

سەبارەت بە کەموکوڕی قوتابخانەو میلاکاتی مامۆستا لە قەزاو سنوورەکەدا قایمقامی قەزای مەخموور وتی: لە ڕووی دامەزراندنی مامۆستاو میلاکاتەوە کێشەو گرفتی زۆر هەیە و ئەم ساڵ ١٩مامۆستایان بۆ دامەزراندووین و دوو قوتابخانە لە کەمپی مەخموور و قوتابخانەیەکی ٢٧پۆلی هاوچەرخ لە ناو سەنتەری قەزا دروستکراوە، بەڵام ساڵانە پێویستیمان بە دامەزراندنی مامۆستاو دروستکردنی بینایەی قوتابخانە هەیە، ئێستاش بە هەموو سنوورەکەوە پێویستیمان

**مەخموور پێویستی بە ٣٠ پرۆژەی بینایەو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە هەیە**





## پرۆژەی ئاودێری لە سنوورەکە بەتەواوەتی پشتگوێ خراوە

بە ٣٠ پرۆژەی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانە هەیە .

**ئامێرەکانی شارەوانی کۆنن**

سەبارەت بە پیسی ناو گەڕەك و شارەکان و کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك قایمقامی قەزای مەخموور وتی: خراپی و کۆنی ئامێرەکانی شارەوانی و کەمی کرێکارو موچەی کرێکارە گرێبەستەکان هۆکاری سەرەکی پیسی ناو گەڕەك و کۆڵانەکانی مەخموورە ئەمساڵیش هەر بەو شێوەیە کار لەسەر پاککردنەوەی شارۆچکەکە دەکەین، بەڵام ئەگەر دیتمان بەو شێوەیە کارەکان باش بەڕێوە ناچێت ئەوە ئەو کات داوا دەکەین پاککردنەوەی قەزای مەخموور بدرێت بە کەرتی تایبەت، لە لایەکی تر دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین یەکێکە لە پێویستییەکانی سنوورەکە بۆ رزگاربوون لە دوکەڵ و بۆنی ناخۆش و پاراستنی ژینگە. هەروەها قەزای مەخموور پێویستی بە پرۆژەی ئاوەڕۆ هەیە، چونکە نەبوونی ئاوەڕۆ هۆکارێکە بۆ پیسی و بێسەروبەری کۆڵان و گەڕەکەکانی ناو شارۆچکەکە.

## نەبوونی ئاوەڕۆ هۆکارێکە بۆ پیسی و بێسەروبەری کۆڵان و گەڕەکەکانی ناو شارۆچکەکە

**گرفتی کەرتی تەندروستی زۆرە**

سەبارەت بەو کێشەو کەموکوڕی و گرفتەکانی کەرتی تەندروستی کە هاووڵاتییان گلەیی زۆریان هەیە قایمقامی قەزای مەخموور وتی: گرفت و کەموکوڕی زۆر لە بواری تەندروستی لە قەزاکەدا هەیە لەبەر ئەوەی تا ئێستا تەنیا یەك بنکەی تەندروستی لە سەنتەری شارۆچکەکە هەیە ئەویش لە تایپی (C)ە، هاوکات لە رووی میلاکی کارمەند و پزیشکیش کێشە و گرفتمان زۆرە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بوارە گرنگە لە بودجەی ٢٠١١دا بڕیاردراوە کە بنکەیەکی تەندروستی تایپAدروست بکرێت، هاوکات لە رووی ئیدارەی بنکەکەوە هەوڵدراوە وەکو نەخۆشخانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت تاوەکو پزیشك و ئامێری پشکنین و کارمەندی تەندروستی پێویست و شارەزا و پسپۆڕی بۆ تەرخان بکرێت.

**لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای مەخموور وتی:**

ئێمە وەکو یەکەی ئیدارەی قەزای مەخموور و وەکو خەڵکەکەش داواکارییەکانمان زۆرە، گرنگترین داواکاریمان پێدانی پێشینە و قەرزی خانووبەرە و هاوسەرگیری و کشتوکاڵی و قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکانەیە کە لە کاتی خۆی زەوییەکانیان کوژاندنەوەی بۆ کراوە و داواکارین کە حکومەت و هەموو لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو داواکاریانە، چونکە مەخموور لە تێڕوانینی خەڵکی سنوورەکە بەشێکی دانەبڕاوە لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان و لە رووی یاساییشەوە هیچ رێگرییەك نییە کە ئەو خەڵکە بێبەش بن لەو پێشینەو قەرزانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بە هاووڵاتییان دەدرێت. هەروەها داواکارین بۆ زیاتر کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردنی کەموکوڕی گرفتەکانی قەزای مەخموور بودجەی زیاتری بۆ دابین بکرێت، گەرچی لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگادا پارێزگاری هەولێر زۆر بەتەنگمانەوەیە، بەڵام هێشتا مەخموور بودجەو کاری زیاتری دەوێت.

